# ئەو دادگایە بەڵگەیە بۆ ئەو گەمژەو گێلانەی کە بۆ چەند درهەمێک یان چەند بەرمیلێکی نەوت ئاشقی رژێمی گۆڕبەگۆڕبوون

## نزار حەیدەر بەڕێوەبەری پەیمانگای راگەیاندنی عێراقی لە ئەمریکا



**نزار حەیدەر، رۆژنامەنوسێکی عێراقیەو ئێستا بەڕێوەبەری پەیمانگای راگەیاندنی عێراقیە لە ئەمریکا، بایەخێکی زۆری بۆ دۆزی کورد و کێشەکانی عێراقی تازە هەیە، ئەم دیدارە پەیوەندی بە بایەخی ئەو رۆژنامەنوسەوە هەیە کە بۆ دادگاییکردنی سەدام حوسێن و دادرودەستەکەی هەیبوو.**

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەمواندا؟**

نزار حەیدەر ـ بەنیسبەت ئێمەی خەڵکی عیراقەوە، سەلماندنی تاوانەکانی رژێمی شمولی پێویستی بەبەڵگە نیە، ئێمە هەموومان بەپریشکی ئاگری تاوانەکانی ئەو رژێمە چزاوین، هەموو ئەو ئازارەمان چەشتوە کە دووچاری کردووین. بەڵام بەئومێدین ئەو دادگایانە ببنە بەڵگەیەک بۆ هەتیوکەوتوانی ئەو رژێمە، ئەوانەی تا ئێستاش نایانەوێ دان بەتاوانەکانی ئەو گومڕایەدا بنێن کە ٣٥ ساڵە ئەنجامیان دەدات.

ئەو دادگایە بەڵگەیە بۆ ئەو گەمژەو گێلانەی کە بۆ چەند درهەمێک یان چەند بەرمیلێکی نەوت ئاشقی رژێمی گۆڕبەگۆڕ بوون‌و چاویان کوێرایی داهات‌و دڵیان تووشی نەخۆشییەک هات بەجۆرێک دان بە راستیی ئەو تاوانانەدا نەنێن کە گومڕاکەی بەغداو رژێمە سەرکوتگەرەکەی ئەنجامیان دەدا.

**ئاڵای ئازادی: دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێن‌و دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

نزار حەیدەر ـ هەر تاوانێک لەتاوانەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ لەتۆمارە رەشەکەیدا شوێنی خۆی هەیە، ئەنفالیش وەک یەکێک لەقێزەونترینی ئەو تاوانانە دەمێنێتەوە کە رژێم دژی مرۆڤایەتی ئەنجامیداوە، دژی گەلێکیش ئەنجامیداوە کە یەکێکە لەپاکترین‌و بێوەیترین گەلانی جیهان‌و لەهەموو گەلانی جیهان زیاتر حەزی بەچاکەو ئاشتی‌و ئاسایش‌و ئارامی هەیە.

جا ئەگەر دکتاتۆری گومڕاش ئێستا بەدۆزەخ شاد بوبێت‌و بەنەمری گەیشتبێت لەدۆزەخدا، ئەوە لەقەبارەی ئەو تاوانە قێزەونە کەم ناکاتەوە کە دژی گەلی کوردی بێدیفاع ئەنجامیداوە، بەسەرچوونی کاتیش تاوانەکە لەیادەوەریی عیراقییەکانداو لەیادەوەریی ئاشتی پەروەران‌و مرۆڤدۆستاندا ناسڕێتەوە، چونکە گەورەیی تاوانەکەو قێزەونیی ئەو ئامرازانەی تیایدا بەکارهێنران بەهیچ شتێک لەبیر ناچنەوە.

خودای پەروەردگار تاوانەکانی فیرعەونی لەچەندین ئایەت‌و سوورەتی تەواودا نەمرکردوە، کە رەنگە ئەو تاوانانەی فیرعەون یەک لەسەر دەی ئەوە نەبن کە سەدام حسێنی گومڕای سووکو ریسوا دژی گەلی عیراق ئەنجامیدان‌و ئەوەی لەئەنفالدا ئەنجامیدان، جا چۆن داوای ئەوەمان لێدەکەن ئەو تاوانانە لەبیر خۆمان ببەینەوە، یان بڵێین ئەوەی چوو چوو؟!

دەبێت وەک عیراق بەبەردەوامی نەوەکانی داهاتوو فێری ئەوە بکەین کە ئەو تاوانانەی دژی باوکو دایکو خوشکو براو شارو ناوچەو دێهاتەکانیان ئەنجامدراون چەندە قێزەون بوون، بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە دووبارە نەبنەوە، بۆ ئەوەش کە نەوەکانی داهاتوو ئەوە بزانن کە چۆن‌و بەچ نرخێک بەو ئازادی‌و سەربەرزییە شاد بوون کە ئومێدەوارین پێیان دوای ئەو هەموو مەینەتییانە پێی شاد ببن. بۆ ئەوەی شانازی بکەن بەدەستکەوتەکانەوەو لەدەستیان نەدەن، بۆ ئەوەش کە دەستی هەر کەسێک ببڕنەوە بیەوێ گەمە بە ئازادی‌و بەژیانی سەربەرزانەیانەوە بکات، هەر کەسێک بێت‌و هەر کاتێک بیەوێت شتی وا بکات.

هەروەها لەپێناوی ئەوەشدا کە یادەوەریی ئەو تاوانە پەندێک بێت بۆ هەر گومڕاو لەخۆبایی‌بوو و سەرسەختێک کە نەتوانێت تاوان لەدژی مرۆڤایەتی ئەنجام بدات‌و نەتوانێت لەدەرەوەی سنووری ئەو دەسەڵاتەی یاسا دیاری کردوە شتێک بکات، بەئارەزووی خۆی‌و هەر کاتێک ویستی خەڵک بکوژێت، ئایەتێکی قورئانی هەیە بەم مانایە **{ولكم في القصاص حياة يا اولي الالباب لعلكم تتقون}** .. کەواتە دادگاییکرنی دکتاتۆری گومڕا بۆ ئەوەی بەسزای رەوای خۆی بگات دەبێتە زامنکردنی ژیان بۆ خەڵکانی تر.

**ئاڵای ئازادی: دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە رووبەرووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاسایی‌و پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

نزار حەیدەر ـ بەداخێکی زۆرەوە یاسای نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ئینتقائی کاردەکات، تەنها ئەو کاتانە داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ دەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لە وڵاتێکی دیاریکراودا یەک بگرێتەوە، کەچی لەوڵاتێکی تردا ئەگەر دژی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بوەستێتەوە پشتگوێی دەخات.

هەر بۆیە دەبینین گەلانێکی زۆر، کە هەندێکیان لەناوچەکەی ئێمەدا دەژین، بەبەرچاوو گوێی یاسای نێودەوڵەتی‌و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە کەوتوونەتە ژێر قامچی جەللادانی رژێمە شمولییە سەرکوتگەرەکان، بەبێ ئەوەی ئەو رژێمانە سڵ لەهیچ بکەنەوە، بگرە زۆرێک لەو رژێمانە کە بەشێوەیەکی رێکخراو مافەکانی مرۆڤ لەوڵاتەکانی خۆیاندا دەکەنە ژێر پێوە، پشتگیری‌و پشتیوانییەکی زۆر دەکرێن لەلایەن زلهێزەکانەوەو بەرژێمی میانەڕەو ناودەبرێن، وەک رژێمەکەی خانەوادەی سعود لەدورگەی عەرەبی‌و رژێمە پاشاییە میراتگرییەکەی ئوردون‌و رژێمە سەربازییە سەرکوتگەرەکەی میسر، بۆچی؟؟ چونکە قسەکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا زیان بەبەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەگەیەنێت، ئەو بەرژەوەندییانەی لەم حاڵەتانەدا دەکەونە سەر حسابی ماف‌و ئازادی‌و کەرامەتی گەلان، بۆیە کەس ورتەی لێوە نایەت، تەواو وەک ئەوەی بەسەر گەلی عیراق‌و گەلی موسڵمانی کورددا هات لەسەردەمی رژێمی شمولیی گۆڕبەگۆڕدا، بەر لەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بێت گوێ بۆ هاواری عیراقییەکان رادێرێت. لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی ستراتیژیی ئەو کاتە لەگەڵ مانەوەی رژێمی سەدام حسێنی گومڕادا بوو لەدەسەڵاتدا، با ئەو مانەوەیەش لەسەر حسابی ژیان‌و خوێن‌و ماف‌و ئاسایشی عیراقییەکانیش بوبێت.

بۆیە من پێموایە باشترین رێگە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت مافەکانی خۆی بپارێزێت‌و ئازادیی خۆی وەربگرێت‌و داکۆکی لەکەرامەتی خۆی بکات بریتییە لەخەباتکردن بەهەموو ئامرازە شەرعییەکان، بەم بۆنەیەوە دەبێت ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە خەباتی گەلی عیراق‌و گەلی کوردی قارەمان لەعیراقداو ئەو هەموو قوربانییەی ئەم گەلە پێشکەشی کرد، چ لەئەنفالەکانداو چ لەهەڵەبجەو چ لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا یان لەزیندان‌و گرتووخانەو لەشەقام‌و کۆڵانەکانیشدا لەکاتی راوەدوونان لەلایەن پیاوانی رژێمەوە، چ لە پرۆسەکانی راگواستنی زۆرەملێدا، هەموو ئەو قوربانییانە هۆکاری یەکەم‌و راستەوخۆی ئەو ئازادییەن کە ئەمڕۆ لەعیراقدا هەیە، بەتایبەتیش لەکوردستاندا کە بارودۆخێکی ئەمنیی باشتری هەیە لەچاو زۆربەی ناوچەکانی تری عیراق، هەموو ئومێدیشمان ئەوەیە ئەو بارودۆخە بەرەو پێشتر بڕوات‌و وردە وردە رەوشەکە سەقامگیرتر بێت‌و ناوچەکانی تری عیراقیش بگرێتەوە، لەسایەی رژێمێکی سیاسیی فرەیی دیموکراتی دەستووریی فیدراڵیدا، لەسەر بنەمای یەکسانی‌و پەیڕەونەکردنی جیاکاریی ئاینی یان مەزهەبی یان ئیتنیکی یان ناوچەیی جوگرافی یان پارتگەرایی یان فیکری یان کەلتووری لەنێوان عیراقییەکاندا.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرس‌و کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

نزار حەیدەر ـ بەبۆچوونی من، هەر کەسێک بەشداریی لەئەنجامدانی ئەو تاوانانەدا کردبێت دەبێتە بدرێتە دادگا بۆ ئەوەی سزای رەوای خۆی وەربگرێت، بۆ ئەوەش کە بیسەلمێنین یاسا لەژوور هەموانە، بەبێ پشی پشی‌و مەراییکردن بۆ کەس، تا ئەوانە ببنە پەند بۆ هەر کەسێک پەند دەچێت بەمێشکیدا. ناکرێ بکوژو قوربانییەکەی لەعیراقی نوێدا پێکەوە گوزەران بکەن، ناشکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین ئەو کەسەی دەستی پڕتاوانی بەخوێنی خەڵکی بێتاوان سوور بوە لەعیراقی نوێدا ببێتەوە بەفەرمانڕەواو بەرپرس‌و لەبەردەم قوربانییەکانیدا سنگ دەرپەڕێنێت، ئەوە رقی خەڵک دەورووژێنێت‌و گیانی تۆڵەسەندنەوە لەناخی دۆست‌و کەسانی نزیکی قوربانییەکاندا دەجووڵێنێت. بۆیە دەبێت هەموو تاوانبارێک بەسزای خۆی بگەیەنرێت. هەر یەکێکیش بەگوێرەی قەبارەی ئەو تاوانەی ئەنجامیداوەو ئاستی بەشداریکردنی لەتاوانەکاندا، بۆ ئەوەی دادپەروەری بەباشترین شێوە فەراهەم بکەین. زوڵم لەکەس نەکەین، چ تاوانبارو چ قوربانی، لەئایەتێکی پیرۆزدا پەروەردگار داوا لەبەندەکانی دەکات دادپەروەر بن کە دەفەرموێت (ان الله يامر بالعدل والاحسان) یان لەشوێنێکی تر دەفەرموێت (لا تظلمون ولا تظلمون).

داوامان لەپەروەردگار ئەوەیە هەموو قوربانیانی رژێمی شمولی گۆڕبەگۆڕ بەبەهەشتی بەرین شاد بکات، لەو دنیاش دکتاتۆری گومڕا ریسوا بکات وەک چۆن لەم دنیا ریسوا بوو، لەشی ساغیش بداتەوە بۆ پێکراوو برینداران، سەرخۆشی‌و سەبووریش ببەخشێت بە کەسوکاری قوربانیان، عەیبەکانمان پیشان بدات، بمانخاتە ریزی ئەوانەوە کە پەند لەئەزموونی چارەنووسی خەڵکانی تر وەردەگرن، بۆ ئەوەی زوڵم‌و ستەم لەکەس نەکەین‌و دەستدرێژی نەکەینە سەر مافی خەڵکانی تر، تەندروستیش ببەخشێتەوە بەعیراق‌و ئاسایش‌و خۆشیش ببەخشێتەوە بەعیراقییەکان، دووبارە سڵاوم.

**رەنگە ئەو تاوانانەی فیرعەون یەک لەسەر دەی ئەوە نەبن کە سەدام حسێنی گومڕای سووکو ریسوا دژی گەلی عیراق ئەنجامیدان‌و ئەوەی لەئەنفالدا ئەنجامیدان، جا چۆن داوای ئەوەمان لێدەکەن ئەو تاوانانە لەبیر خۆمان ببەینەوە، یان بڵێین ئەوەی چوو چوو؟!**

